## وەرزشی بەسکتباڵ

بەسکتباڵ : رشتەی بەسکتباڵ لە شاری بۆکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی چل کە ئەوکات وەک هەموو رشتەکانی تر لەو پەڕی بێ ئیماکاناتیدا بوون و تەنانەت مەیدانی یاریکردنیان نەبوو. ئەو وەرزشە تەنیا لە حەساری مدرەسەکان دا بەڕێوەدەچوو. وەک لەم وێنەیەی خوارەوە دەیبینن:



حەساری قوتابخانەی قەڵا

**لە چەپەوە:** سید مەحمود قوریشی، فەتاح شیخلر، عەلی میرزایێ، حوسین ملکپوور، داوەر حەسەن تەنهایی، مەحمەد عابدی، نەناسراو، حەسەن سەعیدی.

وەردە وەردە لە زۆربەی قوتابخانەکان میدانێ بەسکتباڵ ساز کرا، بۆ نموونە لە قوتابخانەی کەشاوەرزی. یەك لە هۆیەکانی پەرەپێدانی چالاکی لە رشتەی بەسکتبال هاتنی مامۆستایانی قوتابخانە لە شارەکانیتری دەوروبەری بۆکان بوو. جا لە بەر ئەوەی زۆرتر لە سەر یاری بەسکتباڵی بۆکان و چۆنیەتی دامەزران و پێکهێنانی تیمێکی ڕیك و پێک ئاگاداربین، گوێ لە دەردەدڵی وەرزشوانێکی رشتەی بەسکتبال، کە زۆر کەندوکۆسپیان هاتووتە سەر ڕێ و ماندووبوونییەکی زۆریان لەم رێگایەدا کێشاوە، رادەگرین. با گوێ لە قسەکانی رێزدار برایم موحەبەتی راگرین:

**برایم موحەبەتی:** مەن برایم موحەبەتی لە ساڵی ١٣٣٢ ی هەتاوی لە دایك بووم. چالاکیی وەرزشیم بە شیوەی جیددی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵەکانی چل واتە ساڵی ١٣٤٨ و ١٣٥٠ ی هەتاوی. کلاسی سێی ناوەندی بووم، لەگەڵ کاک حوسێن سۆڵتانیان و هاوڕێیەکی تر چوین بۆ لای بەرپرسی دەبیرەستان کە ئاغای سیرووس تەوفیق ی ناو بوو و خەڵکی مەراغە بوو، داوای هاوکاریمان لێ کرد. ئەویش زۆر بە رووخۆشیەوە داواکەی پەسەند کردین و پێی راگەیاندین کە بە داخەوە ئێمە نە ئیزنمان هەیە و نە لە باری ماڵییەوە دەتوانین بڕیار بۆ ئەم جۆرە کارەانە بدەین، هەمۆی کەوتۆتە ژێر ئیختیاری تەربیەت بەدەنی و نامەیەکی نووسی بۆ بەرپرسی تەربیەت بەدەنی کە مەرحوومی کاک ئەحمەد سامبەگی بوو. نامەکەمان دا بە کاک ئەحمەد و دوای خوێندنەوە لە وەڵام دا کوتی بەداخەوە ناتوانم هیچ یارمەتیتان بدەم. ئێمەش گوتمان جا ئەگەر ئیدارەی ئێوە و ئاموزش و پەروەرش نەتوانن یارمەتیمان

بدەن، ئیتر داوا و سکالای خۆمان دەبەینە لای مەقاماتی ئۆستان. کاک ئەحمەد بە هەڵە تێمان گەیشت، لای وابوو دەمانەوێ شکایەت لەو بکەین، زۆر بە تووڕەیی گوتی بڕوون هەر گوویەکی دەیخۆن بیخۆن! لەبەر خۆشەویستیی ئێمە بۆ کاک ئەحمەد و لەبەر ئەوەی زۆرتر تووڕە نەبێت هیچمان نەگووت و هاتینە دەرێ. ئەوکات حوسێن سوڵتانیان هاوکاریی لەگەڵ حەوتوونامەی لاوان کە مجلەیەکی جوانان بوو و بە زمانی فارسی دەردەچۆو، هەبوو. لە بیرمە وت و وێژێك لەگەڵ سەرووک وەزیران عەباس هویدا کرابوو و لە ژێر ناوی ساتێک لەگەڵ لاوان و لە ئاخری قەسەکانی دا هاتبوو کە ئەگەر هەر لاوێك رەخنە، یان پێشنیار و داوایەکی هەیە دەتوانێت راستەوخۆ لەگەڵ دەفتەری سەرۆک وەزیران پەیوەندی بگرێت. ئێمەش لەم هەلە کەڵکمان سەند و داخوزیەکانمان بە نووسینی نامەیەك بەڕێ کرد و دوای پازدە رۆژ وەڵام هاتەوە و کاک ئەحمەد ناردی بە شوێنمان و پێی گوتین کە دەستوور هاتووە و مەیدانتان بۆ دروست دەکەین و ئەگەر پێتان خۆشە هاوکاریی وەستا رەحمان عەسکەری بکەن کە زوو کارەکە تەواو ببێت. بە خۆشیەوە لە ماوەی دو حەوتوو دا مەیدان ساز کرا.



کردنەوەی مەیدانی بەسکتباڵ: لە لای راستەوە عەبدوڵا فەتحی، حاج حەمە رەشید مەحمەدیان، سەروان فەرروخی، بەخشداری بۆکان، سەروانی ژاندارمەری، نەناسراو، ساڵح کەریمی، لە پەشتەوە: هاشم وەلیزادە، عومەر نیستانیپوور

پێش ئەوەی کە مەیدان ئیفتتاح بکرێت کاک ئەحمەد پێشنیاری دا کە تیمێك ساز کەین لە بەر ئەوەی مەقامات و خەڵکی شار دێن و با حەوسەلەیان بە سەر نەچێت، کێبەرکێیەك لە نێو خۆ دا تەرتیب بدەین. ئێمەش پێشنیارەکەمان بە باش زانی و پێشنیارەکەمان بە بەرپرسی دەبیرەستان، سیروس تەوفیق راگەیاند. دوای کۆبوونەوەیەك لەگەڵ رێزدار کاک حوسێن عەبدولاهی بەو ئامانجە گەییشتین کە کێبەرکێ لە نێوان کلاسەکانی دەبیرستان بەرێوە چێت و بڕیار درا هەر یەك لە کلاسەکان بە زوویی ناوی تیمی خۆیان دیاری کەن. هەر کلاس یان بە دو کلاس لیستەی تیمی خۆیان دا، بەڵام لە لایەن ئیدارەی تەربیەت بەدەنی داوا کرا کە لەو رۆژە دا تیمێك بە نێوی تیمی بەسکتباڵی بۆکان بە جەماوەر بناساندرێت، ئێمەش بە هاوبیری و هاوکاری یەکتر ناوێ چەند کەسێك کە بەحەق ئەوکات لە رشتەی بەسکتباڵ شارەزا بوون، رامانگەیاند. بە هەرحاڵ بە گووتەی مەنشوور "رۆژی مەوعوود" هات و دڵەخورپە هەموو لایەکی گرتبۆوە، بەتایبەت بۆ ئێمە دوای هەول و تێکۆشانێکی زۆر رۆژێکی خۆش دەهاتە دی. خەڵکێکی زۆر لە هەموو چین و توێژێك هاتبوون و مقەست بە دەست، کاتی بڕینی نەوار

و مەراسمی کردنەوەی مەیدان بەڕێوە چوو و ئێمەیان وەك تیم بە خەڵک ناساند و کێبەرکێ لە نێوانی تیمەکان دەست پێکرا و دوای وێنە گرتن و شیرینی خواردن ڕێ و ڕەسمەکە کۆتایی پێ هات و بەسکتباڵ لە بۆکان بوو بە خاوەنی مەیدان.



تیمی بەسکتباڵی بۆکان ساڵی ١٣٤٩ ی هەتاوی: لە لای ڕاستەوە: سیروس توفیق، حەسەن سوڵتانیان، مەسعوود حەسەنیانی، حوسێن سوڵتانیان، عومەر موهتەدی، برایم موحەبەتی، دانیشتوان لە ڕاستەوە: عەلی سوهرابی، قادر حوسێنی، ڕەحیم ڕەشید بەگی، هاشم چابوک، قادەر تەنازی.

لە ساڵی ١٣٥٠ هەتاوێی تیمێکمان پێک هێنا و خۆمان ئامادە دەکرد بۆ کێبەرکێی ئوستانی چونکە ئەوکات بۆکان لە ژێر دەسەڵاتی مەهاباد دابوو و نەماندەتوانی ڕاستەوخۆ بەشدار بین. دەبوایە پێشتر لەگەڵ مەهاباد یاریمان کردبایە و ئینجا بەرەندەی یاریەکە دەچوو بۆ ئوستان. تیمی مەهاباد بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ تیمەکەی ئێمە زۆر باشتر بوون و هەر وەك چاوەڕوان دەکرا، پێمان دۆڕاندن. پاشان کە گەڕاینەوە هەول مان دا کە کێبەرکێی بەخشەکانی سەر بە ئوستان دابمەزرێت و بەرەندەی پلە یەکەم ڕاستەوخۆ لە ئوستان بەشداڕ بێت. لە کومیتەی بەخشی ئوستانی داواکە قەبووڵ کڕا و خۆمان ئامادە کرد بۆ یاری بەخشەکان.



قوتابخانەی کەشاوەرزی، کێبەرکێی بەسکتباڵ لە نێوان کلاسەکان



بۆکان/مەهاباد ساڵی ١٣٥٠ لە راستەوە: ئەمیر وەزیری، نەناسراو، عومەرموهتەدی، حوسێن سۆڵتانیان، ئەحمەد شێربەگی، خاڵەندی، برایم موحەبەتی، دانیشتوو لە چەپەوە: عەزیم ئەفسەر، کەریم ئەڵاوەیسی، نەناسراو، حەسەن سوڵتانیان، مەنوچهر سوڵتانیان

پێش ئەوەی کە لە کێبەرکێکان بەشدار بین داوای راهێنەرمان کرد و کاک ئەحمەد پێی راگەیاندین تا راهێنەر دیاری دەکرێ، سەروان مەتین پوور ئەفسەری پۆلیس کە شارەزایی لە یاری بەسکتباڵ هەیە وەك راهێنەر یارمەتیتان بکات. جگە لە مەتین پوور دو کەسی دیکەش کە شارەزاییەکی زۆریان بوو بە ناوەکانی عەلی بەسیری خەڵکی شاهیندەژ ئاواڵ زاوای کاك عوسمان فەتحی و هەروەها کاك محەمەد عیشق الاهی ئەفسەر وەزیفەی ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش یەرمەتییەکی زۆریان داین. ماوەیەکی پێ نەچوو کە کاك ئەمیر وەزیری خەڵکی مەهاباد بوو بە راهێنەری تیمی بۆکان و یەکەمین کێبەرکێ لەگەڵ شاری سەقز بە یارییەکی رێك و پێك و باش، بردمانەوە.



تیمی بۆکان راوەستاو لە چەپەوە: داوەر: سۆرەی ئیسلامی، عەلی سوهرابی، مووسا ئەسڵانی، کەریم شەریفی، عومەر موهتەدی، قادر تەنازی، مەنووچهر سوڵتانیان، حوسێن سوڵتانیان، برایم موحەبەتی، ئەمیر وەزیری(راهێنەر)

دوای رووداوێکی دڵتەزێن و فەوتی ڕێزدار عەبدوڵا جولّفا لە باکووری ئێران و گەڕانەوەی بنەماڵەی جولّفا بۆ بۆکان و هاتنی یووسف و بەهمەن بۆ ناو تیمی بەسکتباڵی بۆکان، زۆرتر لە جاران بەسکتباڵ لە بۆکان گەشەی سەند. یاری بەسکتباڵ روو بە باشی رۆیشت و تیمەکەمان بەرەو ئاستێکی باش کە زیاتر لاوان بەشداری دەبوون و بە تاکتیکی دروست و شێوەی نوێی تەیار ببوو، بەرەو پێشکەوتوویی دەڕۆیشت. هەمۆو رۆژێك بە دڵخۆوشیەوە تەمرین مان دەکرد و خۆمان باشتر ئامادە دەکرد و رۆژ بە رۆژ یاریکەری تازە دهاتنە ناومان.



لە راستەوە: بیژەن وەلیزادە، یوسف جولّفا، بەهمەن جولّفا، ناسەر جولّفا، هادی وەلیزادە، برایم موحەبەتی

لە کۆتایی ساڵی ١٣٦٠ ئەفسەرێکی پۆلیس خەڵکی تاران بە ناوی محەمەد خەڵخاڵی یاریکەری تیمی میللی ئێران کە بۆ بۆکان تەبعید کرابوو، پێشنیاری پێ کردین کە تیمەکەمان بە بێ چاوەڕوانی پارە وەرگرتن تەمرین پێ دەدا. ئەوە هەلێکی باش بوو بۆ تیمی بەسکتباڵی بۆکان و بوو بە مایەی هومێد و خۆشحاڵی ئێمە. لە یارییەکانی ئوستانی کوردستان کە پێک هاتبوو لە شارەکانی سنە و سەقز، بانە، مەریوان، قوروە، تیمی بۆکان ناوبانگی دەرکرد و یەکەم هاتینەوە. دوای ئەو دەورە کێبەرکێ یانە ساڵی ١٣٦١ ی هەتاوی بۆ کێبەرکێی ئوستانی کە لە شاری شنۆ بەڕێوە دەچوو داوای بەشداریمان کرد، کە بەداخەوە لە لایان بەرپرسی ئەوکاتی تەربیەت بەدەنی بە ناوی یاسەر قاسمی بە بەهانەی نەبوونی پارە، رەدکرایەوە. ئێمەش پێشنیارمان کرد کە ئەگەر ئیزنمان بدەن بە پارەی خۆمان دەچین و ئینجا رەزامەندیان نیشان دا. بەرەو شنۆ وەڕێ کەوتین و لەو کێبەرکێ یانەدا هەمیسان یەکەم هاتینەوە. کاتێك هەواڵەکە گەییشتەوە بۆکان پێشوازییەکی جوان و رێك و پێکمان لێ کرا و لە لایەن یاسەر قاسمی وە پاش پیرۆزبایی لێ کردن، پێ گۆتین لەمەولا تەواوی خەرجی تێمەکەتان لە سەر شانی تەربیەت بەدەنی دەبێت.



سالّی ١٣٦١ ی هەتاوی لە شاری شنۆ لە لای چەپەوە: ناسەر موبارەکی سەرپەرەست، بەهمەن جولّفا، برایم موحەبەتی، برایم بەهنام، عەلی کەریمی، ئەحمەد کەریمی، دانێشتوو لە راستەوە: نەمر عوسمان کاوەیی، قاسم مەحموودی، بیژەن وەلیزادە، برایم فەرنیا

پاش سەرکەوتنمان لە سالّی ١٣٦١ دەبوایە خۆمان ئامادە کەین بۆ کێبەرکێی ئوستانی سالّی ١٣٦٢ ی هەتاوی لە شاری ورمێ. ئەو راستییەشمان دەزانی کە تێمەکانی بەشدار لەو کێبەرکێ یانە زۆر تیمی چاکن و نابێت غروور بمانگرێت و یاخود بە گاڵتە بگیرێت و دەبێ تەمرینی زۆر بکەین و خۆمان بە باشی ئامادە بکەین تا بەڵکوو ناوی بۆکان بەرز راگرین.



کات تێپەڕ دەبوو، وەردە وەردە بە رۆژی کێبەرکێ کان نزیك دەبووینەوە. جار و بار کەسمان دەنارد بۆ شارەکانی دژبەر بۆ هەواڵ کۆکردنەوە و ئانالیزەی تیمەکانی تر. کاتی کێبەرکێ هات و بەروە ورمێ وەڕێ کەوتین. پێش دەستپێکردەنی یارییەکان هەموو بە یەک دڵی، پەیمانمان بەست کە تا ئەو

جێیەی بۆمان دەگونجێ و لە تەواناییمان دایە ناوێ بۆکان بەرز راگرین و یارییەکی گونجاو بکەین. قورعەکەشی دەستی پێ کرد و ئێمە لەگەڵ سەلماس و خۆی و چاپپارە کەوتین و لە هەر سێ تێمەکەمان بەردەوە و بووین بە یەکەم لە گرووپی خۆمان. مەهابادیش لە گرووپی خۆی بۆ بە هەوەڵ و کەوتینە یەك و لە یاریەکی زۆر ئاستەم و باشدا لە مەهابادمان بەردەوە و کەوتینە فیناڵ لەگەڵ ورمێ.



لە لای راستەوە: ئەنوەر مەردان بەگی، کەریم شەریفی، ناسەر موبارەکی، سەید حوسێنی، خالید عابەد، قاسم مەحموودی، نەناسراو، برایم موحەبەتی، بەهمەن جوڵفا، برایم فەرنیا، دانیشتوو لە چەپەوە: کەریمی، حەسەنی، یوسف جولفا، بیژەن وەلیزادە، مووسا ئەسلانی، نەناسراو،

دوای رۆژێك پشوودان هاتینە میدانی کێبەرکێ و پێ یان ڕاگەیاندین کە ورمێ ئیدعای ئەوە دەکات کە تیمی بۆکان تەقەلوبی کردوە و لە سەر بەهمەن جوڵفا کێشەی هەیە. گوایە چونکە بەهمەن سەربازە، مافی یاریکردنی نییە. ئێمەش گوتمان کە ورمێش تەقەلوبی کەردوە چونکە جەنابی کارگەرپیشە والیباڵ دەکا و راهێنەری تیمی والیباڵە و بە پێ یاسا ناتوانێت لەگەڵ تیمی بەسکتباڵیش بێت. کاتێك دیتیان حەق بە ئێمەیە، بێ دەنگیان لێ هێنا و کێبەرکێ دەستی پێ کرد. تیمی ئێمە تەواو یاریەکەی لە دەستدا بوو و ورمێ وەدوا کەوتبوو، تا ئەوەی کە دو کەڕەت کارەبایان لێ کووژاندینەوە و لە کۆتاییدا بە فاسلەی دو ئیمتیاز یاریەکەمان دۆڕاند و دووهەم هاتینەوە. لە تیمی بۆکان بەهمەن جوڵفا بە عینوانی باشترین یاریکەری نموونە بۆ کێبەرکێی ئێران هەڵبژێردرا. ئێستا بەسکتباڵی بۆکان زۆر باشە و لە ئاستی ئوستان دا زۆر لە جاران بەرچاوترن و راهێنەریکی دڵسۆزیان بە ناوی رامین حوسێن زادە بۆکانی هەیە و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەم.



برایم موحەبەتی، بەهمەن جوڵفا



تیمی بەسکتباڵی بۆکان



قوتابخانەی کەشاوەرزی بۆکان



لە راستەوە: برایم موحەبەتی، عومەر موهتەدی، حوسێن سوڵتانیان، فاروق ئیلخانی زادە